# مین

# ڕێککەوتننامەی ئۆتاوا

و. ئەمیری حاجی داود

بەرپرسی ڕاگەیاندنی MCO

هەولێر

## ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی بەکارهێنان و ئەمبارکردن و بەرهەمهێنان و گواستنەوەی مینی دژ بە تاکەکەسان و لەناوبردنی ئەو جۆرە مینە

# ڕێککەوتننامەی ئۆتاوا




Kurdistannet.org



# نەتەوە یەکگرتووەکان

## ١٩٩٧

**رێککەوتننامەی قەدەغەکردنی بەکارهێنان و ئەمبارکردن و بەرهەمهێنان و گواستنەوەی مینی دژ بە تاکەکەسان و لەناوبردنی ئەو جۆرە مینە**

## رێخۆشکەر

**ولاّتانی هاوبەش**

**بەسووربوون لەسەر کۆتایی هێنان بەو ئازار و پێکانانەی کە بەهۆی مینی دژ بە تاکەکەسان, کە لەهەر هەفتەیەکدا بەسەدان کەس دەکوژن و دەشێوێنن کە زۆربەیان بێ تاوان و سیڤل و بێ چەکن بەتایبەتی منداڵان و, پێشکەوتنی ئابووری و ئاوەدانکردنەوە پەك دەخەن, رێی گەڕانەوە بۆ نیشتمان لە پەنابەر و ئاوارەی ناوخۆ دەگرن و, دەبنە هۆی چەندین ئەنجامی ترسناکی تر لە دوای چەندین ساڵ لە چاندنیان. و لە کاتێکدا پێیان وایە کە پێویستە ئەوپەڕی تواناى خۆیان بەکاربهێنن بۆ بەشداربوونی کاریگەرانە و رێکخراو لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەرکی هەڵگرتنەوەی ئەو مینە دژ بە تاکەکەسانەی کە لە چەندین شوێنی جیاجیای جیهاندا چاندراون و مسۆگەر کردنی تێکشکاندنیان.**

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

لە کاتێکدا ئارەزوو دەکەن ئەوپەڕی توانایان بخەنە گەڕ بۆ دابینکردنی یارمەتی بۆ چاودێریی قوربانییانی مین و ئامادەکردنیان بۆ دووبارە گەڕانەوە و بەشداربوون لە چالاکیی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا.

لە کاتێکدا باوەڕیان هەیە قەدەغەکردنی تەواوی مینی دژ بەتاکەکەسان یەکێکە لە کارە گرنگەکانی دروستکردنی متمانە.

لە کاتێکدا پێشوازی دەکەن لە پەسندکردنی پرۆتۆکۆڵی پەیوەست بە قەدەغەکردن یان بەندکردنی بەکارهێنانی مین و تەڵەی تەقیو و ئامێرەکانی تر، بەو شێوەیەی کە لە ٢ی ئایاری ١٩٦٦دا هەموارکراوە و لێکنراوە بە ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردن یا بەندکردنی بەکارهێنانی چەند جۆرێکی چەکی تەقلیدی کە زۆر زیانبەخشن یان کاریگەریی زیانبەخشی هەڕەمەکییان هەیە و، بانگهێشتنی گشت وڵاتان دەکەن بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئەم پرۆتۆکۆڵە پەسند بکرێ لەلایەن گشت ئەو وڵاتانەی تا ئێستا پەسندیان نەکردووە.

لە کاتێکدا پێشوازی دەکەن لە بڕیاری ژمارە ٥١/٤٥ قاف ی ١٠ی کانوونی یەکەمی کاریگەر و مولزم لە رووی یاساییەوە، کە بەکارهێنان و ئەمبارکردن و بەرهەمهێنان و گواستنەوەی مینی وشکانی دژ بەتاکەکەسان قەدەغە بکات.

لە کاتێکدا پێشوازی دەکات لەو کردەوانەی ساڵانی رابردوو، لە هەردوو بواری یەك لایەنە و هەمەلایەنەدا لەپێناو قەدەغەکردن یان بەندکردن یان ڕاگرتنی بەکارهێنانی مینی دژ بەتاکەکەسان و ئەمبارکردن و بەرهەمهێنان و گواستنەوەی ئەم جۆرە مینە.

لە کاتێکدا تەئکید لەسەر رۆڵی هۆشیاری گشتی دەکەنەوە لە پاڵپشتی پرنسیبە مرۆڤایەتییەکاندا بەو شێوەیەی کە ئاشکرایە لە بانگهێشت کردن بۆ قەدەغەکردنی یەکجارەکیی مینی دژ بەتاکەکەسان و، دان بەو هەوڵانەدا دەنێن کە بزووتنەوەی نێودەوڵەتی خاچی سوور و مانگی سوور ئەنجامیان دەدەن، هەروەها هەوڵەکانی هەڵمەتی نێودەوڵەتی بۆ قەدەغەکردنی مینی وشکانی و چەندین ڕێکخراوی ناحکوومی تر لە گشت سوچێکی جیهاندا.

لە کاتێکدا ئاماژە بۆ جاڕنامەی ئۆتاوای ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٦ و جارنامەی برۆکسلی ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٩٧ دەکەن کە هەردووکیان هانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەدەن بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی مولزم بەپێی یاسا کە بەکارهێنان و کۆگاکردن و بەرهەمهێنان و گواستنەوەی مینی دژ بەتاکەکەسان قەدەغە بکات.

لە کاتێکدا تەئکید لەسەر بەڕاست زانینی هاندانی گشت وڵاتان بۆچوونە ناو ئەم ڕێککەوتننامەیە دەکەنەوە و، خۆیان تەیارداوە بۆ کاری بێوچان لەپێناو هاندانی بەدیهێنانی سیمایەکی جیهانی بۆ ئەم ڕێککەوتننامەیە لە گشت کۆڕێکی پەیوەندیدار، لەوانەش نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنگرەی چەك داماڵین و ڕێکخراوە ناوچەییەکان و کۆمەڵە و کۆنگرەکانی قەدەغەکردنی نمایش یان بەندکردنی بەکارهێنانی ئەو چەکە تەقلیدیانەی کە زیانیان لە رادەبەدەرە یان کاریگەری هەڕەمەکییان هەیە.

لـه کاتـێکدا پشـت دەبەسـتن بەپرنسـیپی ئـەو یاسـا مـرۆڤانە نێودەوڵەتیـیەی کـە دەڵێ مافی لایەنەکانی پێکدادانێکـی چـەکدارانە لە هەڵبژاردنی شێوازەکانی جەنگ و ئامرازەکانیدا مافێکی بێ سنوور نییە و, ئەو پرنسـیپەی کـە پـەنا بـردنە بـەر ئەو چەك و تەقەمەنی و ئامراز و شێوازانەی شەڕ کە زیانی لە رادەبەدەر یان ئازاری بێ پاساویان لێ دەبێتەوە قەدەغە دەکات و, ئەو پرنسیپەی کە جیاوازیکردنی نێوان سڤیل و جەنگاوەران دەسەپێنێ.

لەسەر ئەمەی خوارەوە رێکەوتن:

## ماددەی یەکەم

## ئیلتیزامە گشتییەکان

١- گشت ئەو وڵاتانەی بەشدارن بەڵێن دەدەن کە لەژێر فشاری هیچ بارێکدا پەنا نەبەنە بەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

ا / بەکارهێنانی مین دژ بەتاکەکەسان.

ب / داهێـنان یان بەکارهێنانی مین دژ بەتاکەکەسان یان دەستەبەرکردنیان بەهەرشێوەیەکی تر . یان ئەمبارکـردن و هەڵگـرتن یـان گواسـتنەوەیان بـۆ هەرکەسـێك، چ بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ یـان ناراستەوخۆبێت.

ج / یارمەتـیدان یـان هانـدان یـان پاڵـنان بەهەرکەسێکەوە و بەهەر شێوەیەك بۆئەنجامدانی کاری قەدەغەکراو دژ بەوڵاتێکی هاوبەش بەپێی ئەم رێککەوتننامەیە .

٢- گشت وڵاتانی هاوبەش بەڵێن دەدەن کە گشت مینە دژ بەتاکەکەسەکانیان تێك بشکێنن یان هەوڵ بدەن بۆ تێکشکاندنیان بەپێی حوکمەکانی ئەم رێککەوتننامەیە.

## ماددەی دووەم

## پێناسەکان

١- مینـی دژ بەتاکـە کـەس ئەو مینەیە کە بەشێوەیەك سازدراوە تا تاکەکەس لێی نزیك بکەوێتەوە یان لێی بکـەوێت ئیـنجا بتەقێـتەوە کـە ئەمـەش دەبێـتە هۆی پەکخستن یان بریندارکردن یان کوشتنی کەسێك یان چەندکەسێك، لەکاتێکدا ئەو مینانەی بەهەبوونی ئامێرێك، نەك کەسێك ، لەلای یان نزیکی یان بەلێکەوتنی دەتەقێتەوە و ئامێری رێگر لە دەساودەسکردنی لەسەرە ، مینی دژ بەتاکەکەس نین.

٢- مـین ئەو تەقەمەنییەیە کە بەشێوەیەك سازدراوە لەژێر زەوی یان رووبەرێکی تر یان لەسەر یان لە تەنیشت هـەر یەکـێك لەوانـە دابنـرێ و بەهـۆی هەبوونی کەسێك یان ئامێرێك لەلای یان لە نزیکی یا بە لێکەوتنی دەتەقێتەوە.

٣- ئامێـری رێگـرتن لە دەساودەسکردن ئەو ئامێرەیە بۆ پاراستنی مین ئامادەکراوە و بەشێکە لەمینەکە یان پـێوەی بەسـتراوە یا گەیەنراوە یان لەژێر زەوی دادەنرێ و لە کاتی دەسکاری کردنی یان تێکدانی سیستەمەکەی بەشێوەیەك لە شێوەکان دەتەقێتەوە.

٤ – گواستنەوە لە روانگەی مینەوە واتە گواستنەوەی شێوەی ماددی مین دژ بەتاکەکان یا بۆ هەرێمێکی نیشتمانی، گواستنەوەی بەڵگەنامەی ملکداری و سەرپەرشتیکردنی مین دەگرێتەوە. بەڵام گواستنەوەی ئەم هەرێمە ناگرێتەوە کە مین دژ بەتاکەکان تێیدا چێنراوە.

٥ – ناوچەی مینرێژکراو ئەو شوێنەی کە مینی لێ چێنراوە بەمەبەستی لەناوبردنی مرۆڤەکان یاخود گومانی مینی لێ دەکرێ کە شوێنێکی ترسناکە.

## ماددەی سێیەم

## لێ بەدەرنانەکان

١ – لەگەڵ ئەو ئیلتیزامانەی کە لە ماددەی یەکەمدا هاتووە، رێگە دەدرێ چەند مینێکی دژ بەتاکەکسان بهێڵرێتەوە یاخود بگوازرێتەوە بۆ داهێنانی تەکنیکی ئاشکراکردنی مین و هەڵگرتنەوەی و تێکشکاندنی و مەشقکردن لەسەری و پێویستە بڕی ئەو مینانەی لە نزمترین ڕادەی ژمارەی پێویست بۆ ئەو هۆیانەی ئاماژەی پێ دراوە لە سەرەوە تێ نەپەرێ.

٢- ڕێگە دەدرێ بەگواستنەوەی مین دژ بەتاکەکەسان بەمەبەستی تێکشکاندنیان.

## ماددەی چوارەم

## تێکشکاندنی مینی دژ بەتاکەکەسی ئەمبارکراو

جگە لەوەی کە لە ماددەی سێیەمدا باسی لێوە کراوە، هەر دەوڵەتێکی بەشدار بەڵێن دەدات بەتێکشکاندنی گشت ئەو مینە دژبەکەسانەی کە ئەمبارکراون جا ملکی ئەو بن یان لەبەر دەستی دابن یان لەژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی ئەودابن. لە نزیکترین کاتدا بەمەرجێك ئەو ماوەیە لە چوار ساڵ تێپەڕ نەکات لە مێژووی جێبەجێکردنی ئەم رێککەوتننامەیەوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە بەشدارن.

## ماددەی پێنجەم

## تێکشکاندنی مینی دژ بەتاکەکەسان لە ناوچە مینرێژکراوەکاندا

١ – هەر دەوڵەتێکی بەشدار بەڵێن دەدات بەتێکشکاندن یان گەرەنتی دان بەتێکشکاندنی هەموو مینە دژبەتاکەکەسەکان لە ناوچە مینرێژکراوەکاندا کە لەژێر دەسەڵات و کۆنترۆلی ئەو دان لە نزیکترین ماوەدا، بەمەرجێك ئەو ماوەیە لە دە ساڵ تێپەڕ نەکات لە مێژووی جێبەجێکردنی ئەم رێککەوتننامەیەوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە بەشدارن.

٢ – هەر وڵاتێکی بەشدار گشت توانای خۆی بەگەڕ دەخات بۆ دیاریکردنی هەموو ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵات وکۆنترۆلی ئەو کە زانراوە یان گومانی لێ دەکرێ مینرێژکرابێ، لە نزیکترین ماوەدا، گرەنتی ئەوە بدات کە هێمای پێویست لەسەر سنوورە دەرەکییەکانی گشت کێڵگەکان دابنێت کە مینرێژ کراون یا گومانی مینرێژکردنی لێ دەکرێ ، هەوڵ بدات بۆ ئەم شوێنە بەپەرژین یان بەهەر شێوەیەك بێت سنوورەکەی دیاری بکات، بۆ ئەوەی خەڵك لەم شوێنانە دوور بکەویتەوە هەتا ئەو کاتەی هەموو مینە دژ بەتاکەکەسەکان پاك دەکرێنەوە و تێك دەشکێنرێن . دانانی هێماکانیش بەلایەنی کەمەوە گونجاو دەبێت لەگەڵ ئەو پێوەرانەی لە



www.kurdistannet.org

پـرۆتۆكۆلی پەیوەست بە قەدەغەكردنی و بەندكردنی و بەكارهێنانی مین و تەڵەی تەقیو و ئامێرەكانی تر ، بەو شـێوەیەی لـە ٣ی ئایاری ١٩٦٦ دا هەمواركراوە و لكێنراوە بە رێككەوتننامەی قەدەغەكردن یان بەندكردنی بەكارهێنانی ئەو چەكە تەقلیدیانە كە زیانیان لە ڕادە بەدەرە یان هەرەمەكییە هاتووە.

٣ – ئەگـەر هەر دەوڵەتێكی بەشدار پێی وابوو ناتوانی ئەو مینە دژ بە تاكەكەسانە لە ماوەیەكی دیاریكراودا تـێك بشـكێنێت یان گرەنتی تێكشكاندنی بدات، هەر وەك لە بڕگەی یەكەمدا ئاماژەی پێكراوە، ئەوا دەتوانێ داواكاریـێك لـە كۆبـوونەوەی وڵاتانـی بەشـداربوو یـان لە كۆنگرەیەك بەرز بكاتەوە بۆ بوارێكی دیاریكراو بۆ تێكشكاندنی ئەو مینە دژ بەتاكەكەسانە توانای هەیە بۆ ماوەی دە ساڵ درێژی بكاتەوە.

٤ – هەر داواكارییەك ئەم فاكتەرانە لەخۆ دەگرێت:

أ / ماوەی درێژكراوەی پێشنیازكراو.

ب / هۆكانی درێژكردنەوە بەتەواوەتی روونبكرێتەوە هەروەكو:

- خۆسازدان بۆكارە ئەنجامدراوەكان لە چوارچێوەی پرۆگرامەكانی لەناوبردنی مین دا.
- هـۆكاری داراییـی تەكنیكییەكانـی بەردەسـت وڵاتانـی بەشـداربوو بۆ تێكشكاندنی مین دژ بەتاكەكەسان لە ناوچە مینرێژكراوەكان.

ج / ئاسەواری مرۆیی و كۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگە لەسەر هۆكاری درێژكردنەوەكە.

د / هەر زانیارییەكی تر كە پەیوەست بێ بەداواكردنی درێژكردنەوە پێشنیازكراوەكەوە.

٥ – كۆبـوونەوەی وڵاتانی بەشداربوو یان كۆنگرە داواكارییەكە هەڵدەسەنگێنێ بەرەچاوكردنی ئەو فاكتەرانەی لـە بـڕگەی چـوارەمدا هاتـووە بڕیارێك وەردەگرێت لەسەر درێژكردنەوەی ماوەكە ، كە ئەمەش دەبێ بەزۆرینەی دەنگی دەوڵەتە بەشداربووەكان بێت.

٦ – دەتوانـێ ئـەو داواكاریـیەی كـە بـۆ درێژكردنەوە تەرخان كراوە نوێ بكرێتەوە بەپێی بڕگەكانی "سێیەم و چـوارەم و پێـنجەم " ی ئـەم ماددەیـە ، پێویستە وڵاتی داواكار زانیاری پەیوەست بەگشت كارەكانی لە ماوەی درێژكردنەوەی لە جاری یەكەمدا پێشكەش بكات .

## ماددەی شەشەم

## هاوكاری و یارمەتی نێودەوڵەتی

١ – هەردەوڵەتێكـی بەشدار، جێبەجێكردنی ئیلتیزامەكانی ئەم رێككەوتننامەیەی بەسەردا دەسەپێنن ، بۆی هەیە داوای یارمەتی بكات لە وڵاتانی بەشداربوو، كە ئەمەش بەگوێرەی توانا پێشكەشی دەكرێ .

٢ – هـەر دەوڵەتێكـی بەشـدار پێویسـتە ئاسـانكاری پێشكەش بكات بۆ ئاڵوگۆڕكردنی ئامراز و كەلوپەلی زانـیاری و زانسـتی و تەكنۆلۆجـی بەباشترین شێوەی گونجاو سەبارەت بە ئەنجامدانی ئەم رێكەتننامەیە و بۆی هەیـە لـەم ئاڵوگـۆڕەدا بەشداربێت و نابێ وڵاتانی بەشدار هیچ كۆت و بەندێكی بێ پاساو لەسەر دابینكردنی ئامێری هەڵگرتنەوەی مین و زانیاری تەكنۆلۆجی پەیوەست دابنێن، لەبەر هۆی مرۆڤایەتی.



www.kurdistannet.org

٣ - هەر دەوڵەتێكی بەشدار كە توانای هەبێ، یارمەتی پێشكەش دەكات لە رێگەی هاوكاری لە بواری كۆمەڵایەتی و ئابووری لە بواری پرۆگرامەكانی هۆشیاركردنەوە لە مەترسییەكانی مین. كە ئەمەش دەكرێ لەچەندین لایەنەوە ئەم یارمەتییە پێشكەش بكرێ وەك نەتەوە یەكگرتووەكان و رێكخراوە مرۆییەكان و دامەزراوە نێو دەوڵەتییەكان و كۆمیتەی خاچی سووری نێو دەوڵەتی و كۆمەڵەكانی خاچی سوور و مانگی سووری نیشتمانی و یەكێتییە نێو دەوڵەتییەكان و رێكخراوە حكوومییەكان و ناحكوومییەكان.

٤ - هەر دەوڵەتێكی بەشدار كە یارمەتی پێشكەش دەكات لەپێناو هەڵگرتنەوەی مین و چالاكییەكانی تایبەت بەمین و خۆپاراستن و چارەسەركردن دەربارەی ئاسەوارەكانی مین. ئەم یارمەتییەش پێویستە بەرێگەیەكی رەسمی بێت چ لە رێگەی نەتەوە یەكگرتوەكان یا لە رێگەی رێكخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتیەكان یا نیشتمانییەكان پێشكەش دەكرێ، زۆركات لە رێگەی "سندوقی نەختی نێودەوڵەتی" یان بانكی تایبەتی دەوڵەتان ئەم یارمەتییە بەشێوەیەكی رێكوپێك پێشكەش دەكرێ.

٥ – پێویستە دەوڵەتانی بەشداربوو یارمەتی پێشكەش بكەن لەپێناو لەناوبردنی مین دژ بەتاكەكسان كە ئەمباركراوە لە كۆگاكاندا.

٦ – پێویستە دەوڵەتان زانیاری پێویست بۆ لەناوبردنی مین و هۆشیاری كۆمەڵگە لە مین پێشكەش بكات كە لە چوارچێوەی نەتەوە یەكگرتوەكان دامەزراون بەتایبەتی ئەو زانیاریانەی كە پەیوەستن بە هەڵگرتنەوەی مین و لێكۆڵینەوەی زانستی تایبەت بەم بوارە.

٧ – وڵاتانی بەشدار، بۆیان هەیە داوای یارمەتییە دەسەڵاتییەكان بكەن لە نەتەوە یەكگرتوەكان ، یا لە رێكخراوە نێودەوڵەتییەكان یا نیشتمانیەكان بۆ دانانی بەرنامەیەكی نیشتمانی بۆ هەڵگرتنەوەی مین كە ئەمەش چەند بابەتێك لە خۆ دەگرێ:

ا/ قەبارە و ئاستی كێشەی مینی دژ بەتاكەكسان.

ب/ سەرچاوەی دارایی و تێكنۆلۆجی و مرۆیی پێویست بۆ جێبەجێكردنی پرۆگرامی تایبەت.

ج/ خەمڵاندنی ماوەی پێویست، بۆ تێكشكاندن و لەناوبردنی مین دژ بەتاكە كەسان لە ناوچە مین رێژكراوەكان و ئەمباركراوەكاندا.

د/ چالاكییەكانی هۆشیاركردنەوە و خۆپاراستنی كۆمەڵگا لە مەترسییەكانی مین لەپێناو برینداربوون و مردن.

ه/ هاوكاری كردنی قوربانی و پەككەوتەكانی مین.

و/ هەوڵدان بۆ بەشداریكردن و فرەوان بوونی كۆبوونەوە و كۆنگرەی تایبەت بە مین لە پێناو بەرنامەیەكی دیاریكراودا.

٨ – هەر دەوڵەتێك یارمەتی وەردەگرێ یا پێشكەشی دەكات دەبێ هاوكاربێت بۆ مسۆگەركردن و جیبەجێكردنی تەواو و بەپەلەی ئەو بەرنامە یارمەتییانەی كە لەسەری رێكەوتوون.

**ماددەی حەوتەم**



www.kurdistannet.org
كوردستان نێت

**ئامادەیی ئاشکرا**

١- هـەر دەوڵەتێکـی بەشـدار بەزووتـرین کـات و بەکـردار، لـە ماوەیەکدا کە لە ١٨٠ ڕۆژ زیاتر نەبێ دوای دەسـکردن بەجێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە سەبارەت بەو دەوڵەتە بەشدارە ، ڕاپۆرتێك پێشکەش بەسکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات دەربارەی ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

ا/ ئامادەیی جێبەجێکاریی نیشتمانی کە لە ماددەی نۆیەمدا ئاماژەی پێ کراوە.

ب/ کـۆی گشـتی مینی دژ بەتاکەکەس و کۆگاکردنی کە موڵکی ئەم دەوڵەتەیە یان لە لایەتی یان لەژێر دەسەڵات یان کۆنترۆلێتی، بەمەرجێك بەوردی باس لە جۆر و بڕی ئەو مینە ئەمبارکراوانە بکات، ئەگەر بکرێ ژمارەی هەر جۆرێك دیاری بکرێ.

ج/ تـا دەکـرێ شـوێنی گشت ناوچە مینرێژکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی یان کۆنترۆلی ئەو دەوڵەتە، کە مینی دژ بەتاکەکەس تێدا چێنراوە یان گومانی لێ دەکرێ ئەو جۆرە مینەی لێ چێنرابێ، بەمەرجێك زۆرترین زانیاری ورد لەخـۆ بگـرێ سـەبارەت بەجۆر و بڕی هەر جۆرێك لە جۆرەکانی مینی دژ بەتاکەکەسان کە لە هەر ناوچەیەکی مینرێژکراودا چێنراون لەگەڵ مێژووی چاندنیان.

د/ جۆر و بڕ ئەگەر کرا ژمارەی کۆمەڵەکانی گشت مینە دژ بەتاکەکەسان کە پارێزراون یان گواستراونەتەوە بـۆ بەرەوپێش بردنی تەکنیکی دۆزینەوە و هەڵگرتنەوە و لەناوبردنی مین و مەشقکردن لەسەریان، یان ئەوانەی بەمەبەسـتی تێکشکاندنیان هەروەها ئەو دامەزراوانەی کە یەکێك لە وڵاتانی بەشدار مۆڵەتی داونەتێ مین دژ بەتاکەکەسان هەڵگرێ یان بیگوازێتەوە بەپێی ماددەی دووەم.

ه/ باری بەرنامەکانی گۆڕینی دەزگاکانی بەرهەمهێنانی مینی دژ بەتاکەکەسان بۆ ئەنجامدانی کارێکی تر و ڕێکخستنی بەرهەمهێنانی ئەو مینانە.

و/ بـاری تێکشـکاندنی بەرنامەکانی مین دژ بە تاکەکەسان بەپێی هەردوو ماددەی چوارەم و پێنجەم، لەگەڵ بـەراوردی باسـکردنی ئـەو شـێوازانەی بـۆ تێکشکاندنی مینەکان بۆ بەکارهێنانی لەپێناو سەلامەتی گیانی کۆمەڵگاکان و پاراستنی ژینگە و سوودوەرگرتن لێیان.

ز/ جـۆر و بـڕی گشـت مینـە دژ بەتاکەکەسـەکانی تێکشـکێنراو دوای دەسـتکردن بەجێبەجێکردنـی ئـەم ڕێککەوتنـنامەیە بەگوێـرەی وڵاتانی بەشداربوو، بەمەرجێك بەوردی بڕی هەر جۆرێك لەو مینانە دیاری بکات کـە تێکشـکێنراون بەپێـی هەردوو ماددەی چوارەم و پێنجەم. ئەگەر کرا ژمارەی کۆمەڵەکانی هەر جۆرێك لە کاتی تێکشکاندنیدا بەپێی هەردوو ماددەی چوارەم و پێنجەم دیاری بکرێ.

ح/ خاسـییەتە تەکنیکییەکانی هەر جۆرێك لە مینە دژ بەتاکەکەسان کە بەرهەم هێنراون ، بەپێی زانیاریی بەردەسـتی، لـەو جـۆرانەی کـە ئێسـتا مڵکـی دەوڵەتـی بەشـدارن یـان لەبەردەسـتی دان، لەگـەڵ کارکردن بەشێوەیەکی گونجاو بۆ دیاریکردنی جۆری ئەو زانیارییانەی کە دۆزینەوە و هەڵگرتنەوەی ئەم جۆرە مینە ئاسان دەکـات، ئـەم زانیارییانە لایەنی کەم پێوانەی قەبارە و گەییەنەری تەقینەوە و جۆری ماددەی تەقینەوە و جۆری

www.kurdistannet.org

مـاددەی کانـزایە و چـەند وێنەیەکـی فۆتۆگرافی ڕەنگاوڕەنگ لەخۆ بگرێ جگە لەو زانیارییانەی کە لەوانەیە هەڵگرتنەوەی مین ئاسان دەکات.

خ/ ئـەو ئامادەیـیانەی کـە سـازدراون بـۆ دەرکردنـی ئاگادارکردنەوەیەکی یەکسەر و کاریگەر بۆ کۆمەڵگا بەگوێرەی گشت ئەو ناوچانەی لە بڕگەی دووەم و پێنجەمدا هاتوون.

٢ – وڵاتانـی بەشـدار سـاڵانە بـۆ پڕکـردنەوەی ئـەو زانیاریـیانەی پێشتر باس کراون بەپێی ئەم ماددەیە، ئەو زانـیاریانەی کـە بەتـەواوی سـاڵەکە پـڕ دەکەنـەوە پێشکەش بەسکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن بەمەرجێ پێشکەشکردنی ئەم زانیارییانە لە ٢٠ی نیسانی هەر ساڵێك دوانەکەوێ.

٣ - سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو ئەم ڕاپۆرتانەی بەدەستی دەگات دەیداتە وڵاتانی بەشدار.

## ماددەی هەشتەم

## ئاسانکاریی گوێڕایەڵی و ڕوونکردنەوە

١- وڵاتانـی بەشـدار ڕەزامەنـدی دەردەبـڕن لەسـەر ڕاوێـژکاری و هاوکـاری لەنـێو خـۆیاندا سـەبارەت بـە جێبەجێکردنـی بڕیارەکانـی ئـەم ڕێککەوتنـنامەیە بەیەکـەوە کارکردن بەگیانێکی هاوکارانە بۆ ئاسانکردنی گوێڕایەڵی وڵاتانی بەشدار بۆ ئەو ئیلتیزامانەی کە ئەم ڕێککەوتننامەیە بەسەریان دەیسەپێنێ.

٢- ئەگـەر یەکـێك یا زیاتر لە وڵاتانی بەشدار داوای ڕوونکردنەوەی کرد سەبارەت بەمەسەلە پەیوەستەکان بە گوێڕایەڵـی وڵاتێکی بەشداری تر بۆ بڕیارەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە و داوای چارەیەکی کرد بۆ ئەم مەسەلانە. ئەوا بۆی هەیە لە ڕێی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان داواکاریی ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلە پێشکەش بـەو وڵاتـە بەشدارە بکات و دەبێ هاوپێچ لەگەڵ داواکارییەکە زانیاری گونجاو پێشکەش بکات و هەر وڵاتێکی بەشـدار بـۆی هەیـە وەڵامـی ئەو داوای ڕوونکردنەوەیە نەدات کە پشت بەهیچ بنەمایەك نابەستن لەگەڵ ڕەچاو گرتنـی دوورکەوتـنەوە لـە بەکارهێنانـی نالەباری ئەم مافە. هەر وڵاتێکی بەشدار کە داوای ڕوونکردنەوەی لێ دەکـرێ ئەوا لە ڕێی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە و لە ماوەی ٢٨ ڕۆژدا ئەو زانیارییانە پێشکەش دەکات کە دەبنە هاوکار بۆ ڕوونکردنەوەی مەسەلەکە.

٣- ئەگـەر وڵاتـی داواکار لەو ماوە دیاریکراوەدا هیچ وەڵامێکی لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پـێ نەگەیشـت, یـان وەڵامەکـەی کـە بەدەسـتی گەیشت جێی ڕەزامەندی نەبوو, بۆی هەیە لە ڕێی سکرتێری گشـتییەوە بابەتەکـە بخاتـە بەرچـاوی کۆبـوونەوەی داهاتـووی وڵاتانـی بەشـدار و سـکرتێری گشـتی نەتـەوە یەکگـرتووەکان داواکارییـەکە لەگـەڵ زانیاریـی گـونجاو لەبارەی داواکاریی ڕوونکردنەوەکە دەخاتە بەر دەستی گشت وڵاتانی بەشدارەوە, ئەمانەش هەموویان پێشکەش بەو وڵاتە بەشدارە دەکرێت کە داوای ڕوونکردنەوەی لێ کراوە و ئەویش بۆی هەیە وەڵامیان بداتەوە.

٤- هـەر یەکێك لە وڵاتە بەشدارە پەیوەندیدارەکان بۆی هەیە, تا کاتی کۆبوونەوەی وڵاتانی بەشدار دێت, داوا لـە سـکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات هەوڵ بدات بۆ ئاسانکردنەوەی بەدەستهێنانی ڕوونکردنەوەی داواکراوەکە.

٥- ئەو ولاّتە بەشدارەی داواکارییەکەی پێشکەش کردووە, بۆی هەیە لە رێی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە مەسەلەکە پێشکەش بکات. سکرتێری گشتیش لەلای خۆیەوە ئەو پێشنیازە و گشت زانیارییەکانی کە ولاّتی پەیوەندیدار پێشکەشی کردووە, بۆ گشت ولاّتانی بەشدار دەنێری و داوایان لێ دەکات رای خۆیان سەبارەت بە کۆبوونەوەی تایبەتی پێشنیازکراو دەربرن. ئەگەر لە ماوەی ١٤ رۆژی دوای مێژووی نامەکەی سکرتێری گشتیدا سێیەکی ولاّتانی بەشدار یان زیاتر پشتگیرییان لەو کۆبوونەوە کرد, ئەوا سکرتێری گشتی بانگهێشت بۆ بەستنی ئەو کۆبوونەوە تایبەتەی ولاّتانی بەشدار دەکات لە ماوەی چواردە رۆژی تر . ژمارەی یاسایی پێویستیش بۆ ئەم کۆبوونەوە تایبەتە بریتییە لە زۆرینەی ولاّتانی بەشدار.

٦- کۆبوونەوەی ولاّتانی بەشدار, یان کۆبوونەوەی تایبەتی ولاّتانی بەشدار, بەپێی بوار بەپلەی یەکەم بڕیار لەسەر ئەوە دەدات ئایا پێویستە گرنگی زیاتر بەو مەسەلەیە بدرێ بە لەبەرچاوگرتنی گشت ئەو زانیارییانەی لەلایەن ولاّتانی پەیوەندیدارەوە پێشکەش کراون. هەروەها کۆبوونەوەی ولاّتانی بەشدار یان کۆبوونەوەی تایبەتی ئەو ولاّتە بەو پەڕی تواناوە هەوڵ دەدات بۆ گەیشتن بە بڕیارێك هەموو لایەنەکان کۆك بن لەسەری. ئەگەر گشت هەوڵەکانی بەیەك گەیشتن بێهوودە بوون ئەوا کۆبوونەوەکە بەزۆرینەی دەنگی ولاّتانی ئامادە و دەنگدەر بڕیارێك دەردەکات.

٧- گشت ولاّتانی بەشدار بەتەواوی هاوکاری کۆبوونەوەی ولاّتانی بەشدار یا کۆبوونەوەی تایبەتی ولاّتانی بەشدار دەبن, بۆ تەواوکردنی بەرچاوخستنی مەسەلەکە کە ناردنی نێردەی بەدواداچوونەوەش دەگرێتەوە بەپێی بڕگەی هەشتەم.

٨- ئەگەر بابەتەکە پێویستی بەروونکردنەوەی زیاتر هەبوو, ئەوا کۆبوونەوەی ولاّتانی بەشدار, یان کۆبوونەوەی تایبەتی ئەم ولاّتە, رێ دەدات بەناردنی نێردەیەك بۆ بەدواداچوونەوەی راستییەکان و بڕیارێك بەزۆرینەی دەنگی ولاّتانی ئامادە و دەنگدەر دەردەکات سەبارەت بەدەسەلاّتی ئەو نێردەیە و ئەو ولاّتەی کە داوای روونکردنەوەی لێکراوە بۆی هەیە لە هەر کاتێکدا داوای ناردنی ئەم جۆرە نێردەیە بکات بۆ ناو خاکی خۆی و ئەم نێردەیە بەبێ بڕیاری کۆبوونەوەی ولاّتانی بەشدار یان کۆبوونەوەی تایبەتیان بەو ئەرکە هەڵدەستێ و ئەم نێردەیە کە لە چەند پسپۆرێك پێکدێت کە ژمارەیان دەگاتە ٩ پسپۆر و بەپێی هەردوو بڕگەی ٩ و ١٠ هەڵدەبژێردرێن و پەسند دەکرێن بۆی هەیە زانیاریی زیاتر لە شوێنی مەبەست و ئەو شوێنانەی پەیوەندی راستەوخۆیان بە مەسەلەی گوێڕایەڵییەکەوە هەیە و دەکەوێتە ژێر دەسەلاّت و کۆنترۆڵی ئەو ولاّتە داوای روونکردنەوەی لێکراوە کۆ بکاتەوە.

٩- سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵدەستێ بەئامادەکردن و تەواوکردنی لیستێك بەناو و رەگەزنامەی پسپۆری شیاو کە ولاّتانی لایەن پێشکەشیان دەکەن و زانیارییەکانی تری پەیوەست بەوان و هەموو ولاّتانی بەشداری لێ ئاگادار بکاتەوە هەر یەکێکیش لەو پسپۆرانەی ناویان لە لیستەکەدا هاتووە پاڵێوراون بۆ هەموو نێردەکانی بەدواداچوونەوەی راستییەکان ئەگەر هیچ ولاّتێکی بەشدار دژایەتی خۆی بەنووسین دەرنەخست, لەم

www.kurdistannet.org

حاڵەتەشدا ئەو پسپۆرە بەشداری ناکات لەو نێردەیەی دەچێتە ئەو وڵاتە ئەگەر هاتوو دژایەتییەکە پێش دامەزرانی ئەو پسپۆرە دەربڕا.

١٠- کاتێ کە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای کۆبوونەوەی وڵاتانی بەشدار یان کۆبوونەوەی تایبەتی ئەو وڵاتانە سەبارەت بەدامەزراندنی ئەندامانی نێردەکە و سەرۆکی نێردەکە داوای راوێژ لەگەل ئەو وڵاتە بەشدارەی داوای روونکردنەوەی لێ کراوە و لەو نێردەیەدا هاوڵاتییانی ئەو وڵاتە بەشدارانە دانامەزرێ کە داوای پێکهێنانی نێردەی بەدواداچوونەوەی راستییان کردووە و ئەندامانی ئەو نێردەیە دەسەڵات و ئیمتیازیان هەیە بەپێی ماددەی شەشەمی رێککەوتننامەی ئیمتیازەکان و دەسەڵاتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٣ی شوباتی ١٩٤٦.

١١- بەپێی ئاگادارکردنەوەیەك کە لایەنی کەم پێش ٧٢ سەعات پێشکەش دەکرێ ئەندامانی لیژنەی نێردەی بەدواداچوونەوەی راستییەکان لە نزیکترین هەلدا دەگەنە خاکی ئەو وڵاتەی داوای روونکردنەوەی لێ کراوە و ئەو وڵاتە ئاسانکاری پێویست پێشکەش دەکات بۆ پێشوازی و گواستنەوە و حەوانەوەی نێردەکە هەروەها بەرپرس دەبێ لە نێردەکە بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە لەسەر خاکی ئەودا دەبێ.

١٢- داوای رەچاوکردنی سەروەری ئەو وڵاتەی داوای روونکردنەوەی لێ کراوە, نێردەی بەدواداچوونەوەی راستییەکان بۆی هەیە ئامێری پێویست کە تەنها بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بەو مەسەلەی گوێرایەڵییەی جێی باسە بەکاردێن و پێویستە نێردەکە پێش گەیشتن, ئەو وڵاتە ئاگادار بکاتەوە لەو ئامێرانەی کە لەگەڵ خۆی دەیانبات.

١٣- ئەو وڵاتەی داوای روونکردنەوەی لێ کراوە هەوڵ دەدا بەباشترین شێوە بوار بدات بەنێردەی لێکۆڵینەوەی راستییەکان بۆ قسەکردن لەگەڵ گشت کەسانی پەیوەندیدار کە دەتوانن زانیاری پێ ببەخشن سەبارەت بە مەسەلەی گوێڕایەڵی.

١٤- ئەو وڵاتەی داوای روونکردنەوەی لێ کراوە رێ دەدات بەنێردەی بەدواداچوونەوەی راستییەکان تا بگاتە ئەو شوێنانەی ژێر دەسەڵاتی کە نێردەکە پێی وایە دەتوانێ زانیارییان لێ کۆبکاتەوە سەبارەت بەمەسەلەی گوێڕایەڵی. ئەمەش دەکەوێتە ژێر باری هەر ئامادەییەك لەلایەن وڵاتی داوای روونکردنەوە لێ کراو بە پێویستی دەزانێ بۆ:

أ/ پاراستنی ئامێر و زانیاری و شوێنی گرنگ.

ب/ یان پاراستنی هەر ئیلتیزامێکی دەستووری کە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو وڵاتەی داوای روونکردنەوەی لێ کراوە سەبارەت بەمافەکانی مڵکداری و کارەکانی پشکنین و دەست بەسەرداگرتن, یان هەر مافێکی دەستووری تر.

ج/ یان پاراستن و سەلامەتیی گیانی ئەندامانی نێردەی بەدواداچوونەوەی راستییەکان, هەر کاتێکیش ئەو وڵاتە ئامادەبوو, ئەوا هەموو هەوڵێکی بەجێ دەخاتە گەڕ تا لە رێی ئامرازی جێگرەوە پابەندی خۆی بەم رێککەوتننامەیەوە بسەلمێنێ.

١٥- بەهــیچ شێوەیەك نابێ نێردەی بەدواداچوونەوەی راستییەکان لە ١٤ رۆژ زیاتر لەو ولاّتە بمێنێتەوە و, نابێ لە ٧ رۆژ زیاتر لە هیچ شوێنێك بمێنێتەوە ئەگەر پێشتر لەسەری رێك نەکەوتبن.

١٦- هەمــوو ئــەو زانیارییانەی کە پێشکەش دەکرێن و پەیوەندییان بەکاری نێردەکەوە نییە بەزانیاریی نهێنی دەژمێررێن و ناکرێ ئاشکرا بکرێن.

١٧- نێــردەی بەدواداچــوونەوەی راســتییەکان, لــە رێــی ســکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە, راپۆرتێك پێشــکەش بەکۆبوونەوەی ولاّتانی بەشدار یان کۆبوونەوەی تایبەتی ئەو ولاّتانە دەکات سەبارەت بەو ئەنجامانەی پێیان گەیشتووە.

١٨- کۆبــوونەوەی ولاّتانــی بەشــدار یــان کۆبوونەوەی تایبەتی ئەم ولاّتانە بەگشت زانیارییە پەیوەندیدارەکاندا دەچــێتەوە, لەوانــەش راپۆرتی نێردەی بەدواداچوونەوەی راستییەکان و بۆی هەیە داوا لەو ولاّتە بکات کە داوای روونکــردنەوەی لــێ کــراوە ئامادەیــی پێویســت بگــرێتە بــەر بــۆ چارەســەرکردنی مەسەلەی پابەندبوونەوە لە ماوەیەکی دیاریکراودا و ئەو دەوڵەتە راپۆرتێك سەبارەت بەو داواکارییە پێشکەش دەکات.

١٩- کۆبــوونەوەی ولاّتانــی بەشــدار یــان کۆبــوونەوەی تایبەتــی ئــەو ولاّتانە بۆی هەیە پێشنیازی رێگەچارەی پێویســت بکــات بــۆ زیاتــر روونکــردنەوەی ئــەو بابەتەی باسی لێوە کراوە لەوانەش ئیجرائاتی پێویست بەپێی یاســای نێودەوڵەتــی. ئەگەر دەرکەوت بابەتی ژێر لێکۆڵینەوە بەهۆی چەند هۆکارێك بوو کە لە دەسەلاّتی ئەو ولاّتــە بەشــدارە بەدەربــوون کە داوای روونکردنەوەی لێ کراوە ئەوا هەر یەکێك لەو دوو کۆبوونەوەیە بۆی هەیە داوای ئامادەباشی پێویست بکات لەوانەش ئامادەباشی هاوکارانە کە لە ماددەی شەشەمدا ئاماژەی پێ دراوە.

٢٠- کۆبــوونەوەی ولاّتانــی بەشدار یان کۆبوونەوەی تایبەتی ئەو ولاّتانە هەموو هەوڵی خۆی تەرخان دەکات بۆ وەرگرتنــی ئــەو بڕیارانەی لە هەردوو بڕگەی ١٨ و ١٩ دا باسیان لێوە کراوە بەکۆی دەنگ یان بەزۆرینەی دوو سێیەکی لایەنە بەشدار و ئامادە و دەنگدەرەکان.

### ماددەی نۆیەم

### ئامادەییەکانی نیشتمانی جێبەجێکردن

هــەر ولاّتێکــی بەشــدار هەمــوو ئامادەییەکــی گــونجاوی یاسایی و کارگێری و هی تر دەگرێتە بەر, لەوانەش ســەپاندنی ســزا بــۆ رێگــرتن و دەمکوتکردنــی هــەر چــالاکییەکی قەدەغەکراو دژ بەهەر ولاّتێکی بەپێی ئەم رێککەوتننامەیە چ لەلایەن کەسانەوە بێ یان لەناو هەرێمێکی ژێر دەسەلاّت یا کۆنترۆڵی بێت.

### ماددەی دەیەم

### یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان

١- ولاّتانــی بەشــدار راوێــژکاری یــەکتری دەکــەن و هاوکاریــی یــەکتری دەکــەن بــۆ یەکلاکــردنەوەی هەر ناکۆکییــەك ســەبارەت بەجێبەجێکــردن یان لێکدانەوەی ئەم رێککەوتننامەیە. هەر یەکێك لەو دەوڵەتانە بۆی هەیە هەر ناکۆکییەکی لەم جۆرە بخاتە بەرچاوی کۆبوونەوەی ولاّتانی بەشدارەوە.


www.kurdistannet.org

٢- کۆبوونەوەی ولاّتانی بەشدار بۆی هەیە بەشداری لە یەکلاکردنەوەی کێشەکە بکات بەو شێوازەی بە گونجاوی دەزانێ, لەوانەش پێشکەشکردنی هەوڵە چاکە خوازەکان و داواکردن لەو ولاّتانەی کە لایەنن لە کێشەکەدا دەست بکەن بەو ئیجرائاتانەی هەڵیانبژاردووە بۆ یەکلاکردنەوە و پێشنیازکردنی سنوورێك بۆ کاتی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی ئەو کردارە.

٣- ئەم ماددەیە کار ناکاتە سەر ئەو بڕیارانەی ئەم ڕێککەوتننامەیە کە پەیوەستن بە گوێڕایەڵی و ڕوونکردنەوەیەوە.

## ماددەی یازدەم

## کۆبوونەوەی ولاّتانی بەشدار

١- ولاّتانی بەشدار بەشێوەیەکی ڕێکوپێك کۆدەبنەوە بۆ باسکردنی هەر بابەتێکی پەیوەندیدار بەجێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیەوە لەوانەش:

أ/ بەڕێوەچوون و باری ڕێکەتننامەکە:

ب/ ئەو بابەتانەی کە دەرهاویشتەی راپۆرتە پێشکەشکراوەکانن بەپێی بڕیارەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە:

ج/ هاوکاری و یارمەتیی نێودەوڵەتی بەپێی ماددەی شەشەم.

د/ داهێنانی تێکنۆلۆجیای نوێ بۆ هەڵگرتنەوەی مین دژ بە تاکەکەسەکان.

ھ/ ئەو بابەتانەی ولاّتانی بەشدار بەپێی ماددەی هەشتەم دەیانخەنە بەرچاو.

و/ بڕیاری پەیوەست بەو بابەتانە بەپێی ماددەی پێنجەم

٢- سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بانگەواز دەکات بۆ یەکەمین کۆبوونەوە, ئەویش لە ماوەی ساڵی یەکەمی دەستپێکردنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە, هەروەها ساڵانە بانگەواز بۆ کۆبوونەوە دەکات تا کاتی گرێدانی کۆنگرەی نمایشکردن.

٣- سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بانگەواز دەکات بۆ کۆبوونەوەی تایبەتی ولاّتانی بەشدار, بەپێی ئەو مەرجانەی لە ماددەی هەشتەمدا ڕوونکراونەتەوە.

٤- دەکرێ بۆ ئامادەبوون لەم کۆبوونەوەدا, بەشێوەی چاودێر و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ کە ولاّتانی بەشدار لەسەری ڕێك دەکەون, بانگهێشتی ولاّتانی تر و نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە ناوچەییە پەیوەندیدارەکان و لێژنەی نێو دەوڵەتیی خاچی سوور و ڕێکخراوە ناحکوومییە پەیوەندیدارەکان بکرێ.

## ماددەی دوازدەم

## کۆنگرەکانی پێداچوونەوە

١- سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بانگهێشت دەکا بۆ بەستنی کۆنگرەیەك بۆ پێداچوونەوە دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر دەستکردن بە جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیەدا و هەروەها بانگهێشت



www.kurdistannet.org کوردستان نێت

بۆ بەستنی کۆنگرەی تری پێداچوونەوە دەکات ئەگەر یەکێك یان زیاتر لە ولاّتانی بەشدار داوایان کرد . بە مەرجێك ماوەی نێوان دوو کۆنگرەی لەم جۆرە بەهیچ شێوەیەك لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێ. هەموو ئەو ولاّتانەی لەم رێککەوتننامەیەدا بەشدارن بانگهێشت دەکرێن بۆ بەشداربوون لەم کۆنگرانەدا.

٢- مەبەست لە بەستنی کۆنگرەی پێداچوونەوە ئەمانەی خوارەوەن:

أ/ پێداچوونەوەی بەرێوەچوون و باری رێککەوتننامەکە.

ب/ باسکردنی پێویستی بەستنی کۆبوونەوەی زیاتر بۆ ولاّتانی بەشدار کە لە برگەی دووەمی ماددەی ١١ دا ئاماژەیان بۆ کراوە, هەروەها باسکردنی ماوەی نێوان ئەو دوو کۆبوونەوانە.

ج/ دەرکردنی بریار سەبارەت بەداواکارییەکانی ولاّتانی بەشدار بەپێی ماددەی پێنجەم.

د/ ئەگەر پێویست بوو, هەڵێنجانی ئەنجامی پەیوەست بەجێبەجێکردنی ئەم رێککەوتننامەیە لە راپۆرتی کۆتاییدا.

٣- دەکرێ بانگهێشتی ولاّتانی تر بکرێ کە بەشدارنین, هەروەها دەکرێ نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی تر و رێکخراوە ناوچەییەکانی پەیوەندیدار کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی و رێکخراوە ناحکومییەکانی پەیوەندیدار بانگهێشت بکرێن بۆ ئامادەبوون لە هەر کۆنگرەیەکدا وەکو چاودێر و بەپێی ئەو پەیرەوە ناوخۆییەی کە لەسەری رێك دەکەون.

## ماددەی سێنزدەم

## هەموارکردن

١- هەر دەوڵەتێکی بەشدار بۆی هەیە پێشنیازی هەموارکردنی ئەم رێکەتننامەیە بکات لەهەر کاتێکدا دوای دەستکردن بەجێبەجێکردنی, هەر پێشنیازێکیش دەخرێتە بەردەستی پێ سپێرراو(ودیع)ەوە ئەویش دەیخاتە بەرچاوی گشت ولاّتانی بەشدار و داوایان لێ دەکا رای خۆیان دەربڕن ئایا پێویستە کۆنگرەیەکی هەموارکردن ببەسترێ بۆ بەدواداچوونی ئەم پێشنیازە. ئەگەر زۆرینەی ولاّتان لە ماوەی بیست رۆژی دوای بلاّوکردنەوەی پێشنیازەکە پێ سپێرراوەکەیان ئاگەدارکردەوە کە پشتگیری لە بەدواداچوونەوەی پێشنیازەکە دەکەن ئەوا کۆنگرەیەکی هەموارکردن دەبەسترێ و گشت ولاّتانی بەشداری بۆ بانگهێشت دەکرێ.

٢- دەکرێ ئەو ولاّتانەی بەشدار نین, هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و رێکخراوە ناوچەییەکانی پەیوەندیدار و کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی و رێکخراوە ناحکومییە پەیوەندیدارەکان بانگهێشت بکرێن بۆ بەشدار بوون وەکو چاودێر لەهەر کۆبوونەوەیەکی هەموارکردندا و بەپێی ئەو پەیرەوە ناوخۆییەی کە لەسەری رێککەوتوون.

٣- کۆنگرەی هەموارکردن یەکسەر لە دوای کۆبوونەوەی ولاّتانی بەشدار یان کۆنگرەی بەدواداچوونەوەدا دەبەسترێ ئەگەر زۆرینەی ولاّتانی بەشدار داوای زووتر بەستنی ئەو کۆنگرەیەیان نەکرد.

www.kurdistannet.org

٤- هەر هەموارکردنێکی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەزۆرینەی دوو سێیەکی وڵاتانی ئامادە و دەنگدەری کۆنگرەی هەموارکردن پەسندکراو بەم شێوەیە ئاگەدار دەکاتەوە.

٥- جێبەجێکردنــی هەر هەموارکردنێك لەم ڕێککەوتننامەیەدا, بۆ گشت وڵاتانی بەشدار, لەو کاتەوە دەست پــێدەکات کــە زۆرینەی ئەم وڵاتانە ڕەزامەندینامەی خۆیان دەخەنە بەردەستی پێ سپێرراوەوە, ئەو وڵاتانەش کە ماون لەو کاتەوە جێبەجێی دەکەن.

## ماددەی چواردەم

## تێچووەکان

١- وڵاتانــی بەشــدار و وڵاتانی تر تێچووی کۆبوونەوەکانی وڵاتانی بەشدار و کۆبوونەوە تایبەتیەکانی ئەو وڵاتانــە و کۆنگرەکانــی پێداچــوونەوە و کۆبوونەوەکانی هەموارکردن کە بەشدارییان تێدا دەکەن لە ئەستۆ دەگرن بەپێی خشتەی بەشەکان کە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی هەردوو ماددەی ٧و٨ و هەر نێردەیەکی بەدواداچــوونەوەی ڕاســتییەکان بەپێــی خشــتەی بەشــەکان کــە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان دیاریکراوە دوای هەموارکردنی پێویست لە ئەستۆ دەگرن.

## ماددەی پازدەم

## مۆرکردن

دەزگــای مۆرکردنــی ئــەم ڕێککەوتننامەیە کە لە ئۆسلۆ "نەرویج" نووسراوە لە ١٨ی ئەیلولی ١٩٩٧ دا کراوە دەبــێ لــە ئــۆتاوا "کەنــەدا" بــۆ هەمــوو وڵاتێك لە ٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٧ وە تا ٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٧ و لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرك لە ٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٧ تا ڕۆژی دەستکردن بە جێبەجێکردنی.

## ماددەی شازدەم

## بەڕاست زانین (تصدیق) یان پەسندکردن یان ڕەزامەندی یان بەشداربوون

١- ئــەم ڕێککەوتنــنامەیە لەلایەن ئەو وڵاتانەوە کە مۆریان کردووە بەڕاست زانین یان پەسند یان ڕەزامەندیی لەسەر دەردەبڕێ.

٢- دەرگای بەشدار بوون والایە بۆ ئەو وڵاتانەی کە مۆریان نەکردووە.

٣- بەڵگەکانــی بەڕاست زانین یان پەسندکردن یان ڕەزامەندی یان بەشداربوون لەم ڕێککەوتننامەیەدا لای پێ سپێرراو دادەنرێ.

## ماددەی هەڤدەم

## دەست بەجێبەجێکردن

١- دەســت بەجێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەکرێ لە ڕۆژی یەکەمی مانگی شەشەمی دوای دانانی بەڵگەنامــەی بەڕاســت زانــین یــان پەســندکردن یــان ڕەزامەنــدی دەربڕینــی یــان بەشــداربوونی ئــەم ڕێککەوتننامەی لەلای پێ سپێرراو.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

٢- دەربارەی ئەو ولاّتانەی دوای ولاّتی چلەمین بەلّگەنامەی بەڕاست زانین یان پەسندکردنی یان ڕەزامەندی یان بەشداربوونی خۆیان بەدەستەوە دەدەن, دەست بەجێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە لە ڕۆژی یەکەمی مانگی شەشەمی دوای بەدەستەوەدانی ئەو بەلّگەنامانەدا دەبیّ.

### ماددەی هەژدەم

### پراکتیکی "جێبەجێکردنی" کاتی

هەر ولاّتێك لە کاتی بەڕاست زانین یان پەسندکردن یان ڕەزامەندی دەربڕین یان بەشداربوونیدا بۆی هەیە ئاشکرای بکات کە بڕگەی یەکەمی ماددەی یەکەمی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەشێوەیەکی کاتی جێبەجیّ دەکات و لێرەوە دەست بە جێبەجێکردنی دەکریّ.

### ماددەی نۆزدەم

### خۆپاریزی

ماددەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە ناکەونە ژێر باری خۆپارێزییەوە.

### ماددەی بیستەم

### ماوە و خۆ کێشانەوە

١- ماوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە دیاریکراو نییە.

٢- هەر ولاّتێکی بەشدار لە چوارچێوەی سەروەری نیشتمانی خۆیدا بۆی هەیە خۆی لەم ڕێککەوتننامەیە بکێشێتەوە و دەبیّ هەموو ولاّتانی تری بەشدار و پیّ سپێرراو و ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگادار بکاتەوە و لە بەلّگەنامەی خۆکێشانەوە دەبیّ بەتەواوی هۆکارەکانی ئەم خۆکێشانەوەیە روون بکاتەوە.

٣- کار بەم خۆکێشانەوەیە ناکریّ تا شەش مانگ بەسەر وەرگرتنی بەلّگەنامەی خۆ کێشانەوەکەدا لەلایەن پیّ سپێرراوەوە تێنەپەریّ, ئەگەر ئەو ولاّتەش لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا بەشداری لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکدارانەدا کرد ئەوا خۆکێشانەوەکەی کاری پیّناکریّ تا ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە بە کۆتا نەگات.

٤- خۆکێشانەوەی دەولّەتێکی بەشدار لەم ڕێککەوتننامەیە بەهیچ شێوەیەك کار ناکاتە سەر ئەرکی ئەو ولاّتە لە بەردەوامی پابەندبوونی بەو ئیلتیزامانەی پرەنسیپەکانی یاسای نێودەولّەتیی پەیوەندیدار بەسەریدا دەسەپێنن.

### ماددەی بیست و یەکەم

### پیّ سپێرراو (ودیع)

بەم پێیە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پیّ سپێرراوێك بۆ ئەم ڕێککەوتننامەیە دادەمەزرێنیّ.

### ماددەی بیست و دووەم

### ئەو دەقانەی بەبەلّگە دەژمێررێن

دانــەی ڕەســەنی ئــەم ڕێککەوتنــنامەیە کــە دەقــە ئیســپانی و ئینگلیــزی و ڕووسی و چینی و عەرەبی و فەڕەنســاییەکانی لــە بەبەڵگەبــووندا یەکســانن لەلایــەن ســکرتێری گشــتی نەتــەوە یەکگــرتووەکاندا هەڵدەگیرێن.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت